KURDISTAN




# پێشمەرگە و ئاڵا دوو هێمای نەتەوەیی

## کۆمەڵێک وتارو وتوویژ

٨٠ ساڵە و
هوکەردەیو ئاڵاو کوردستانی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بە جە وێویەردەی و گیان بەخشای
بە خەباتی بێوچان، هەر ئەوەشەکیێنە ئاڵاکێما

حیزبو دێموکراتو کوردستانو ئێرانی
مەکۆوتەشکیلاتونیهانی

ڕێبەندانی ٢٧٢٥ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# لە پارادایمێکی نوێدا: نیشتمان، پێشمەرگە و بنیاتنەری






**کەریم پەرویزی**

بۆ تێگەیشتن لە ڕووبارێکی پڕهاژە، یان دەبێ وەک مەلەوانێک خۆت بە دەم لرفەی پڕوزەی ڕووبارەکەوە بدەی و بە هەموو هەستەکانەوە درکی پێ بکەی، یان لە بەرزاییەکی وەهادا ڕاوەستی کە پێچ و قەمچی ڕووبارەکە ببینی و بزانی ئایا لە پێچی دواتردا بە دەربەندێکدا تێدەپەڕێ و بۆ بەنداو دروستکردن دەبێ، یان دەڕژێتە دەشتایی و تۆوی بەری دواڕۆژی لەبەر دادەچێنی.

پێشمەرگایەتی تەنیا دەستبردن بۆ چەک و بەگژ چەکداری دوژمندا چوونەوە نییە، بەڵکوو ئەمە تەنیا یەکێکە لەو ئەکتانەی کە پێشمەرگە دەتوانێ و لە دەستی دێ کە لەپێناو بڕوای بەرزی "وەپێش مەرگکەوتن" لەپێناو ژیانی نەتەوەییدا ئەنجامی بدات.

پێشمەرگەبوون تایبەتمەندییەکی مرۆڤە کە لە وزە و ورەیەکی جەوهەریی بەکۆمەڵژیان و سروشتەوە سەرچاوە دەگرێ و دەبێتە پێشڕەوی ڕەوتێک کە ئامانج لێی بەردەوامیی ژیانی کۆمەڵە. بە واتایەکی دیکە، پێشمەرگە نووکە ڕمبی ڕچەشکێنیی کۆمەڵگەیەکی مرۆییە کە دەیەوێ لە ملەی ئەستەمی هێرشی هێزە وێرانکەرەکانەوە تێپەڕێ و بگا بە هەواری ئەمنی دوور لە نیگەرانی.

لەو ڕۆژەوە کە وشەی پێشمەرگە بۆ ئەو مرۆڤە چەکدارەی کورد دیاری کراوە کە بە بەکارهێنانی چەکەکەی دەستی دیفاع لە ڕوانین و بڕواکانی دەکا، تاکوو ئەمڕۆ کە پێشمەرگە بووەتە ناو و ناوبانگێکی جیهانی کە بە شانازییەوە جیهان وەک هێزی شکستهێنەری تیرۆریزم ناوی دێنن، چەمکی پێشمەرگە بە قۆناخی جۆربەجۆری مێژوویی و سیاسیدا بە شێوازی جۆراوجۆر مانا کراوەتەوە و دەرخەری کەسایەتیی جیاواز بووە.

هەرکام لەو مانابەخشییانە، لە پارادایمێکەوە سەرچاوە دەگرن کە لە خۆیدا هەم ناسنامە و هەم مانا و هەم دەرکەوتەکانی چەمکەکان دیاری دەکا و هەم چاوەڕوانییەکان لەو چەمکانە بە ڕیزبەندیی جیاوازەوە دەبژێرێ و دەیخاتە بەردەم داواکارییەکان و لەو نێوەدا بەها و بایەخەکان دەردەخا.

پارادایم کە لە تۆماس کۆهنی زانای ئەمریکاییەوە یەکەم جار بەکار هاتووە، بە مانای مۆدێل و ئۆلگووی پێناسەکردن و مانابەخشین بەکار هاتووە کە لەودا چوارچێوەیەکی هۆکارهۆنینەوە و نیشانکردنی ئێلێمێنت و تایبەتمەندییەکان و یاساکانی دیاری کراوە.

بەو پێیە، پارادایم بریتییە لەو فەزایەی کە تێیدا بکەر و ئەکتەرەکان، چ زانستیی ڕووت وەک فیزیک و کیمیا بن، یان زانستی مرۆیی وەک سیاسەت و کۆمەڵناسی، هەرکام تایبەتمەندیی خۆیان و چۆنیەتیی لە پەنا یەک قەرار دانیان و لە کۆتاییدا ئاکام وەرگرتن لێیان دیاری دەکا. لەم مانایەدا، پارادایم ناسنامە و پێناسە بە جۆرێک دیاری دەکا کە لە پارادایمی دیکەدا ئەو پێناسەیە مانای نابێ یان دەگۆڕێ و هەر بۆیە یاسای دیاریکەری ڕێوشوێنەکانیش دەگۆڕێن.

پارادایم ئەو فەزا گشتییەیە کە ڕوانین و ڕوانگە بۆ جیهان دیاری دەکا و وەک بەکارهێنانی لێنزێکی کامێرایە کە

بازنەیەکی تایبەتت پێ نیشان دەدا و لەو بازنەیەدا دەتوانی هەموو خاڵ و ڕەنگ و کادر و قووڵایی و تارمایی و ڕووناکی و... بە شێوازی تایبەت ببینی و مانایەکی لێ دەکەیتەوە و دەتەوێ بینەرانی دیکە ئەو دیمەنە بەو شێوە کە دەتەوێ ببینن و هەر لە هەمان کاتدا سەدان پارامێتری دیکە دەسڕیتەوە و نیشانی بینەری نادەی تاکوو سەرنجیان لە مەبەستە سەرەکییەکە دوور نەکەوێتەوە.

لێرەدا، پارادایم ئەو فەزایەیە کە ئەکتەرەکان و ناسنامەیان و تایبەتمەندییان و چۆنیەتیی پێکەوە پێوەندیگرتنیان و دوورکەوتنەوە لە یەکیان و هەروەها بەها و بایەخی ئەکتەکانیان و سزا و پاداشی چاوەڕوانکراو لە کردار و بێکردەوەییان دیاری دەکا.

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا کاتێک چەمکی پێشمەرگە دێتە ئاراوە و گوتاری ئەو سەردەمە ئەم چەمکەی لێ لەدایک دەبێ، لە پارادایمێکی تایبەتدا پێناسە بۆ ئەم چەمکە دەکرێ.

سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لەنێو پارادایمێکدا بوو کە دەتوانین ناوی لێ بنێین بەگژداچوونەوەی سڕینەوە.

دەیەکانی ڕابردوو کە دواتر لە دۆخێکی تایبەتدا کۆماری کوردستانی لێ لەدایک دەبێ، قۆناخی هێرشی ناسیۆنالیزمی فرەخوازی فارسییە کە بەناوی ئێرانشارییەوە دەیەوێ هەموو زەریاکان هەڵلووشێ تاکوو گۆماوێک بۆ کەویری تاران بسازێنێ.

لە وەها هێرشێکی کەویریی ئێرانشاریدا کورد بە هێزی نیزامی سەرکوت دەکرێ و لەنێو ئەم نەتەوەیەدا ماتەوزەیەک پەنگ دەخواتەوە و دەیەوێ بەگژ داگیرکەردا بچێتەوە. ئەو مرۆڤە کوردانەی کە ناتوانن و نایانەوێ لە بێدەنگیدا دەستەمۆی داگیرکەری بن، ڕێگای مومکین و جۆراوجۆر دەگرنە بەر تاکوو بتوانن خاوەنی ئیرادەی خۆیان بن یان بە مانایەکی دیکە دژی ئیرادەی بێگانە دەوەستنەوە. لەم ڕەوتەدا، دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان مرۆڤە دژەداگیرکەرەکان، بە سیما و بە ناسنامە و بە ئەکتی جیاواز و لەنێو یەک پارادایمدا تێکۆشانیان دەکرد. لەم پارادایمەدا مرۆڤێک کە ئامادەیە لە ڕیزی هەرەپێشەوەی بەرگریدا و لە ڕاستیدا لە ڕیزی یەکەمی بەرەنگاربوونەوەی هێزی داگیرکەردا لە گیانی خۆی مایە دابنێ، نێوی پێشمەرگەی لێ نرا.

پێشمەرگە لەم پارادایمەدا تاکێکی خاوەن هەڵوێستە کە بە ئامرازی بەردەست بەگژ داگیرکەردا دەچێتەوە و لە گیانی و لە ژیانی تێچوو دەدا تاکوو سەرمایەی نەتەوەکەی پڕ بکاتەوە؛ سەرمایەی نەتەوەیەک کە دەیەوێ بە چنگ و ددان لە

بەرانبەر سڕینەوەدا بوەستێتەوە و هاواری مانەوە دەکا.

پێشمەرگە لەم پارادایمەدا هەم ئەکتەرە و هەم بەخشەرە و هەم سەرباشقەیە. ڕێگا نیشان دەدا و ڕێگاش دەکاتەوە و پارێزەری ڕێگاشە.

ئەو بەهایەی کە لەم پارادایمەدا بۆ پێشمەرگە دادەنرێ، بەهای مرۆڤێکە کە گیان دەبەخشێ تاکوو نەتەوەیەک لە نەمان دوور بخاتەوە. لە ڕاستیدا، پێشمەرگە هەروەها کە لە ناوەکەیدا دیارە، کەسێکە کە وەپێش مەرگ دەکەوێ تاکوو کۆمەڵگەکەی بژیت.

پارادایمی دژی سڕینەوە، پارادایمی دوای هاتنەسەرکاری ڕەزاخانی ماهۆڕە و لە کۆماری کوردستاندا ئەم پارادایمە قەوارەیەکی سیاسیی لێ لەدایک دەبێ.

هەر ئەم پارادایمە جارێکی دیکە زاڵ دەبێتەوە کاتێک کە خومەینی فەرمانی جیهاد دەدا و نەتەوەی کوردیش بەرگریی نەتەوەیی ڕادەگەیەنێ.

ئیدی لەم پارادایمەدا تەنیا ئەکتەر و ناسنامە و بەها پێشووەکان سەرهەڵ دەدەنەوە و لە ڕاستیدا پارادایم هەمان پارادایمە و ئەکتەر و بکەر و ناسنامە و تایبەتمەندی و بەها و سزاکان هەمان فاکتەر و پێناسەکانی جارانن.

لەم پارادایمەدا ئەوەی بە گژ داگیرکەردا دەچێتەوە و تەسلیمی سڕینەوە نابێ، پێناسەی پێشمەرگە وەردەگرێ و ئەوەی خۆ بەدەستەوە دەدا و لەگەڵ سوپای داگیرکەر دەکەوێ، سزای ناوزڕاوی "جاشایەتی" وەردەگرێ.

پارادایمی خەبات لە کوردستان، پارادایمی خۆڕاگری و مانەوەی کۆمەڵگە بووە و هەر بۆیەش ئەوەی مەرگی خۆی دەکاتە دیاری بۆ مانەوەی گشتی، پاداشی مەزنەمرۆیی واتە شەهید وەردەگرێ.

پارادایمی زاڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا سەردەمی دوای ڕاپەڕین لە باشووری کوردستان هەمان پارادایمە و بۆیەش لە حیزبێکی لەدایکبووی نێو ئەم پارادایمە واتە حیزبی دێموکراتدا، پێشمەرگە و کادر و هێزی پێشمەرگە و تەشکیلات و ڕێبەری و بایەخی خەباتکاری و سیاسەت و... لە هەمان پارادایمدا پێناسە دەکرێن. لەم پارادایمەدا خەبات لە پێناو مانەوە و بەردەوامیدا مانا دەکرێ و بۆیە بایەخی تاک بایەخی هزر و ئەکتە لەم پێناوەدا. واتە پێشمەرگە و کادر و

ڕێبەریی باش و سەرباشقە ئەو کەسەیە کە لەپێناوی بەرگریی نەتەوەییدا کار دەکا و بیر دەکاتەوە و خۆی فیدا دەکا.

لە دوای ڕاپەڕینی کوردستانی باشوور و بەتایبەت دوای گوشاری ڕێژیمی تاران بۆ سەر ئەزموونی هەرێمی کوردستان و گواستنەوەی ئەو گوشارە بۆ سەر حیزبی دێموکرات، بە چەندین هۆکار و چەندین توێژاڵی کار و کاردانەوە و... هتد، کە دەرفەتی تایبەتی پێویستە بۆ باس و هەڵدانەوەی لایەڕەکانی هزری و لێکدانەوەیی، گۆڕانی پارادایمێک دێتە ئاراوە و وەک هەموو گۆڕانی پارادایمەکان، خەساری خۆی و تێچووی خۆی هەبووە. بەتایبەت لە ساڵەکانی ١٣٧٤ی هەتاوی و ١٩٩٥ی زایینی بەم لاوە ئیدی پارادایم دەگۆڕێ و چەندین ساڵ لەو پارادایمە گۆڕاوەدا ماناکان و ئەکتەکان دەگۆڕدرێن کە ئەم بابەتە زۆر کورتە بۆ باسکردنی و دەرەتانی دیکەی دەوێ و لێرە بە کراوەیی بەجێی دێڵین.

نزیک بە بیست ساڵ دوای ئەوە و لە ڕاسانی ڕۆژهەڵاتدا دووبارە هەوڵێک دێتە ئاراوە کە لە گوتارێکی دیکەدا پێناسە و ئەرک و بەها و بایەخەکان دیاری بکرێنەوە و لەو گوتارەدا ئەرکی پێشمەرگە لە ڕیزی پێشەوەی خەباتەوە کەمێک دێتە دواتر و هەوڵ دەدرێ چین و توێژەکانی کۆمەڵگەش هاوشانی پێشمەرگە لە خەباتدا بەشدار بن. بۆیە باس لە گرێدانی شاخ و شار دەکرێ و گواستنەوەی هێز بۆ چەقی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەوەی پێویستە بیڵێین، لە گوتاری ڕاسانیشدا هەرچەند ئەکت و ڕۆڵەکان پێناسەیەکی دیکەیان بۆ دەکرێتەوە، بەڵام هێشتا لە پارادایمی بەرگری و خۆڕاگریدا ئەو گوتارە دێتە ئاراوە.

پارادایمی خۆڕاگری هەرچەند پارادایمێکە کە تێیدا نەتەوەیەک هەوڵی دەربازبوون لە هێرشی سڕینەوە و پێگەکەی خۆی بۆ مانەوە دەدا و بایەخە تایبەتەکانی خۆی پێکهێناوە و بەرزترینیان واتە ناسنامەی شەهید دەبەخشێتە ئەو کەسەی گیانی دەبەخشێ تاکوو نەتەوە بژیت، بەڵام ئیدی کاتی گۆڕینی ئەو پارادایمە بۆ پارادایمێکی دینامیکتر هاتووە.

لە پارادایمی خۆڕاگری و بەرگریدا، هەرچەند مانەوە مانایەکی گرنگ و بایەخێکی ئەساسیی هەیە، بەڵام چونکە پارادایمێکە کە لە دژکردەوەدا هاتووەتە ئاراوە، ماناکانیشی لەباتی ئەوەی جەوهەرێکی بەڕێوەییان هەبێ، تایبەتمەندیی ڕاوەستاوەییان هەیە. لەباتی بەلرفەبوون، ڕاوەستاون. ڕەوەزئاسا بەرانبەر بە ڕەشەبا ڕادەوەستن، بەڵام لە دوای دۆخێکەوە ئیدی کۆمەڵگە پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە و تەنیا مانەوە گرنگ نییە، بەڵکوو بنیاتنەری پێویستە.

کاتێک تاکێک لە بەرانبەر هێرشی سڕینەوەدا ڕادەوەستێ، دەیەوێ کۆمەڵگەکەی بمێنێتەوە، بەڵام هەمان تاک گەر بیەوێ نیشتمانێک بنیات بنێ، ئیدی پێویستی بە ماناکانی فراوانتر لە مانەوە هەیە. بنیاتنەری مانایەکی ڕوو لە داهاتووە کە

ڕوانگەی ئاسوودەیی و ئازادی و خاوەنماڵی و خاوەنکەرامەتی و خاوەنداریێتی پێکەوە گرێ دەداتەوە. بنیاتنان هێزی زۆرتر و ئیرادەی قورستری دەوێ و ڕوو لە داهاتووە، لە کاتێکدا خۆڕاگری وزەیەکی مومکین لەپێناوی ئەمڕۆدایە.

کاتێک لەسەر خاکێک خۆڕاگری دەکەی، تەنیا و تەنیا مانەوە بەلاتەوە گرنگە، بەڵام گەر بتەوێ لەسەر هەمان خاک شتێک بنیات بنێی، ئیدی دەبێ لە هەمان کاتدا کە تێچووی مانەوە دەدەی، تۆوی بەرهەمی داهاتووش بچێنی. چونکە بیر لەوە دەکەیتەوە لە سبەینێی مانەوەدا چی لەم خاکە دەڕوێ و کێ و کێ پێکەوە چۆن لەسەر ئەم خاکە دەژین و چۆن لە سێبەری درەختەکانی و لە دڵۆپە ئاوەکانی ڕووبارەکانی چێژ و بەهرە وەردەگرن.

تۆ کە لە بیری بنیاتناندا دەبی، ئەمڕۆت نابێ بە کۆتا ڕۆژ، بەڵکوو سبەینێ دەبێ بە بایەخی گرنگی مزگێنییەکانت.

ئەم خاکە ئەو کاتە دەبێ بە نیشتمان بۆت کە تێیدا هەست بە ئاسوودەیی و سەروەری بکەی و پێشمەرگەی بنیاتنەری نیشتمان ئیدی تەنیا و تەنیا وەپێش مەرگ ناکەوێ، بەڵکوو دەبێ بە ڕێخۆشکەری داهاتوویەکی پڕ لە ئازادی و کەرامەت و ئاسوودەیی.

ئەم پارادایمە نوێیە شیکردنەوەی زۆرتری دەوێ و سروشتییە کە لێکدانەوە و لێکەوتەی جیاوازیشی لێ بکەوێتەوە، بەڵام گرنگە کە لە بیری دروستکردنی داهاتوودا بین؛ پێشمەرگەی بنیاتنەری نیشتمانێک بین کە لە ڕابردوودا ناچەقێ، بەڵکوو ڕوانینێکی دیکە دێنێتە ئاراوە بۆ مانابەخشین و سەربەرزی.

٢٤ی سەرماوەزی ٢٠٢٥



سەرچاوە
Serchawe

قوماشێک ئەو هێمایەیان نەخشاندووە. بۆ نموونە لە شەڕەکاندا ئەو هێمایە دراوەتە دەست یەکێک لە جەنگاوەرەکان و لە ڕیزی پێش پێشەوە ڕاوەستاوە و وەکوو ناسنامەی ئەو لەشکرە نیشان دراوە و جەنگاوەرەکان بەو ئاڵایە شوێنی شەڕگەی خۆیانیان ناسیوەتەوە. یان لە کاتی خۆبەدەستەوەدانی لەشکرێک یان چەند جەنگاوەرێکدا ئاڵایەکی سپی هەڵکراوە و شەکێنراوەتەوە، کە ئەم ڕەنگە سپییە ڕێککەوتنێکی گشتییە لەسەر ئاشتەوایی و کۆتایی شەڕ.

توێژینەوەکان دەڵێن، ئاڵای مێدییەکان یەکێکە لە کۆنترین ئاڵاکانی مێژوو، کە خۆرێکی لە نێوەڕاستەکەیدا هەبووە. لە ئایینە هەرە کۆن و کەوناراکانی ناوچەی مێزۆپۆتامیادا خۆر و ڕووناکی پێگەیەکی بەرزیان هەبووە. ئەو خۆرەی کە چەندین سەدە دواتر لە ئاڵای خۆیبوون و ئاڵای کۆماری کوردستان و دواتر بە دەسکارییەوە لە ئاڵای پەسەندکراوی پەرلەمانی کوردستاندا خۆی دەنوێنێتەوە.

بەکارهێنانی ئاڵا وەک هێمای گەل و نەتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیەم لە ئەورووپا. بەڵام یەکەم ئاڵاکانی سەر قوماش کە بە ئاوریشم چنراون، لە وڵاتی چینەوە هاتوون. ئەوەی کە حاشای لێ ناکرێ، ئەم ڕاستییەیە، کە ئاڵا لای ئەو دەستە و گرووپ و گەلانەی وەکوو هێمایەک قبووڵیان کردووە، ڕێزی لێ گیراوە و وەکوو بەشێک لە ناسنامە و تەنانەت ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕیشیان کەڵکی لێ وەرگیراوە.

نەتەوە، لە بەستێنێکی مێژووییدا دروست دەبێت. کۆمەڵێک مرۆڤ کە بە زمانێک قسە دەکەن و، لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا دەژین و دابونەریت و کولتوورێکی هاوبەشیان هەیە، ئەگەرچی جاروبار ئەو دابونەریت و کولتوورە هێندێ وردە جیاوازییشی تێ دەکەوێت. ئەو کۆمەڵە مرۆڤە لە بەستێنی زەماندا خەون و خولیایەکیان لەسەر بنەمای ئەزموونە تاڵ و شیرینەکانی ڕابردوویان بۆ دروست دەبێت و وەکوو نەتەوەیەک خۆیان پێناسە دەکەن و هێمایەکی وێنەیی بە ناوی ئاڵا بۆ خۆیان دادەنێن و لەسەری ڕێک دەکەون کە ئاڵاکە بەشێک لە یادگەی مێژوویی ئەو کۆمەڵە کەس یان نەتەوەیە لە خۆیدا جێ دەکاتەوە و دەبێتە زمانی یادگەی مێژوویی و نیشتمانی زەینیی ئەوان. یادگەی مێژوویی بریتییە لە زام و خەم و ئازار و بەرگری و خۆڕاگری و پەلامار و شەڕ و سەرکەوتنەکان.

## ئاڵا کەسایەتیی حقووقیی نەتەوەیەک

وەختێک نەتەوەیەک دەبێتە خاوەنی دەوڵەت، ئاڵای ئەو نەتەوەیە پەیوەندییەکی تەواوی لەگەڵ کەسایەتیی حقووقیی ئەو نەتەوەیە هەیە. لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەوڵەتەکان کەسایەتییەکی حقووقین، کە ئاڵای سەر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاڵای سەر مێزی باڵوێز و نوێنەرەکان، ئاڵای سەر فڕۆکەکان، ئاڵای سەر کەشتییەکان زمانی بێزمانی ئەو

دەوڵەتانەن.

## ئاڵای گەلانی بێدەوڵەت

گەلانی بێدەوڵەتیش ئاڵای خۆیان دروست دەکەن. گرنگیی ئەو ئاڵایە بۆ نەتەوەی بێدەوڵەت، خۆناساندن و خۆپاراستنە. ئەو نەتەوەیە ئەگەرچی لەلایەن داگیرکەرانی وڵاتەکەیەوە حاشا لە بوونی دەکرێت، بەڵام ئەو بە هەڵکردنی ئاڵاکەی هێمای بوونی خۆی دەنوێنێتەوە. ڕەنگە ئەو ئاڵایە بە ئازادی ڕێگەی شەکانەوەی پێ نەدرێت، لەو حاڵەدا ئاڵاکە بە دەستی شۆڕشگێڕانی ئەو نەتەوانەوە سەنگەر بە سەنگەر دەگوازرێتەوە و دەپارێزرێت.

## کورد نەتەوەی بێدەوڵەت و ئاڵای کورد

ئاڵای نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی وەکوو کورد لە ئاستی نێودەوڵەتی و لە دادگا نێودەوڵەتییەکان لە کۆنڤانسیۆنەکان و لە پەیمان و گرێبەستە نێودەوڵەتییەکاندا ئەو پێگە حقووقییەی نییە کە ئاڵای دەوڵەتە بە فەرمی ناسراو و سەربەخۆکان هەیەتی. هەر بۆیە میللەتی بێدەوڵەت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا تەنیا دەبینرێ، بەڵام نابیسرێ و یاسای نێودەوڵەتی گوێی لێ ناگرێت. ئەو ئاڵایە بوونی ئەو میللەتە بە دنیا نیشان دەدات و بەشێکە لە هاوار و زمانی بێزمانی ئەو میللەتە لە ئاستی جیهانیدا، بەڵام لەبەر بێدەوڵەتی، نە ئاڵاکە و نە میللەتەکە هێشتا نەبوونەتە بابەت و بەردەنگ.

میللەتی بێدەوڵەت و بێ ئاڵا، ئەگەر هەوڵی سڕینەوەی بدرێت و کۆمەڵکوژیش بکرێت، بابەتەکەی وەکوو بابەتێکی ناوخۆیی ئەو وڵاتە سەیر دەکرێت کە بەسەریدا زاڵە. هیچ دادگا و ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵێکی نێودەوڵەتی هاواری ئەو دەوڵەتە بێ ئاڵا و بێدەوڵەتە نابیستێ. هەر بۆیە کوشتاری قاڕنێ و قەڵاتان و ئەنفالی باشوور و کیمیابارانی هەڵەبجە لەلایەن کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤپارێزەکانەوە پشتگوێ خران.

میللەتی بێدەوڵەت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەبینرێ، بەڵام بابەتێک نییە، هێز و لایەنێک نییە بە شێوەی یاسایی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵکوو ئامراز و دەرفەتێکە کە بەکار دەهێنرێت و کاری پێ دەکرێت و زۆر جاران مامەڵەی پێ دەکرێت و بەکار دەهێنرێت.

تاکەکانی نەتەوەی بندەست و بێدەوڵەت، لە وڵاتان لەبەر ئەوەی مۆر و ئاڵای وڵات و دەوڵەتی خۆیان لەسەر پاسپۆرتەکەیان نییە و وڵاتەکەیان لەسەر نەتەوە یەکگرتووەکان ئاڵای ناشەکێتەوە و بە فەرمی نەناسراوە، دەبێ وەکوو

تاکێکی سەر بە نەتەوە سەردەست و داگیرکەرەکان خۆیان بناسێنن.

## ئاڵا و کاریگەرییەکانی لەسەر باری دەروونیی تاک و نەتەوە

ئـاڵا، تەنـانەت ئەگەر دەوڵەتێکـی بە فەرمـی نـاسراویشـی نەبـێ، هەسـتێکـی هـاوبەش و یەکگرتـوو لە نێـو تـاکەکـانی ئەو میللەتەدا دروست دەکات. دەکرێ ئەو میللەتە دەیان و سەدان ڕوانگەی جیـاواز، حیـزب و ڕێکخـراوی جۆراوجـۆری تێدا بێت و هەر کـام لۆگـۆ و ئـاڵا و هێمـای تـایبەت بە خۆیـانیـان هەبێت، کە گـوزارش لە ڕوانـگە و ئـایـدیای سیاسـی و ڕێکخراوەییـان دەکات، بەڵام ئەوەی دواجار هەموویـان لە دەوری یەکتر کۆ دەکاتەوە، ئـاڵای نەتـەوەکەیە.

## ئاڵا، چڕکردنەوەی مێژووی میللەتێکە لە وێنەیەکدا

ئاڵاکان هەر وا لەخۆوە داناڕێژرێن، بەڵکوو زۆر بە وریاییەوە هێما و ڕەنگەکانیان دیاری دەکرێن. ئاڵای کوردستان کە لە سێ ڕەنگـی سـوور و سپی و سـەوز پێـک هـاتووە و خۆرێـک لە نێوەڕاسـتەکەیدایە، مێژوویەکمان بـۆ دەگێـڕێتەوە. مێژوویەک کە دەریایەک خوێنمان داوە بۆ ئەوەی بگەینە کەناری ئاشتی و ئارامی و خۆری ئازادی هەڵبێت و تاریکایی داگیرکەران لەسەر کوردستان بڕەوێنێتەوە و وڵاتەکەمان گەش و سەوز و ئاوەدان بکەینەوە.

٣ی بەفرانباری ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

